کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان رازین لە شێوازی بانگەشەکردنی لیستی (٣١٥)

ژیار عومەر
سلێمانی/ یەکگرتوو

هەڵمەتی بانگەشەکردنی لیستی (٣١٥)ی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان وەك چۆن ئەو حیزبە بە سیما شارستانی و مۆدێرنەکەی ناسراوە، خاوەنی یەکەم هەنگاوی مەدەنیانەیە لە دروستکردنی حیزبێکی سیاسی بی چەك لە کوردستاندا، بەو جۆرەش لە شێوازی بانگەشەکردن بۆ لیستەکەی داهێنەری بانگەشەیەکی نوی و شارستانی و دیموکراسییە، کە بە تایبەتمەندی پابەندبوون بە سەرجەم یاسا و رێنماییەکان دەناسرێتەوە، جگە لەوەش پاراستنی مافی گشتی لە کاتی بەڕێوەچوونی بانگەشەی ئەو لیستە و بێزارنەکردنی خەڵکی سیما و تایبەتمەندی بانگەشەکانی لیستی (٣١٥)ی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانە.

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتوو: بەداخەوە لە هەندێك شوێن دەسەڵات لە رێگەی کارمەندانی ئاسایشەوە کە بە وێنەی ڤیدۆیی دابەزێنرا و پیشاندرا بۆ حەیاچوونیان لە راگەیاندنەکانمانەوە هەوڵی لێکردنەوەی پۆستەرەکانی لیستی (٣١٥) دراوە، لەسەر ئەو کردارانەش ئێمە سکاڵامان داوەتە کۆمسیۆن..

لە گفتوگۆیەکی رۆژنامەی یەکگرتوو لەگەڵ (فازڵ حەیدەر) ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان دەربارەی شێوازی بەڕێوەچوونی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان لە دەڤەری سلێمانی لە ماوەی رابردوودا دەڵێت: "بەشێوەیەکی گشتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان زۆر گەرموگوڕ بەڕێوەچوو لە پارێزگای سلێمانی، جا لەڕووی راگەیاندن بێت یاخود کەژاوەی ئۆتۆمبێلەکان یان کۆبوونەوە جەماوەرییەکان، حاڵەت و ململانێ سیاسیەکە زۆر گەرموگوڕە".

ناوبراو وتیشی: "بەگشتی بەشێوەیەکی سروشتی و یاسایی دەڕوات بەڕێوە مەگەر لە هەندێك حاڵەتدا نەبێت، لە هەندێك شوێن خروقات هەبێت لە لایەن هەندێك کەسی نامەسئولەوە، بەڵام بەداخەوە لە هەندێك شوێن دەسەڵات لە رێگەی کارمەندانی ئاسایشەوە کە بە وێنەی ڤیدۆیی دابەزێنرا و پیشانیشدرا بۆ حەیاچوونیان لە راگەیاندنەکانمانەوە هەوڵی لێکردنەوەی پۆستەرەکانی لیستی (٣١٥) دراوە، لەسەر ئەو کردارانەش ئێمە سکاڵامان داوەتە کۆمسیۆن".

حەیدەر جەخت لەسەر پابەندبوونی لیستی (٣١٥) دەکاتەوە لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان بە سەرجەم یاسا و رێنماییەکانەوە، لەو بارەیەوە دەڵێت: "لیستی (٣١٥) لەڕووی پابەندبوونی بە هەڵسوکەوتی هەڵبژاردنەکانەوە لە هەموو لیستەکان باشترە، بۆ ئەمەش توانیویەتی تەنها بەرنامەی خۆی زۆق بکاتەوە نەك بە شکاندنی بەرامبەر و بە تەشهیرکردن بە بەرامبەر بانگەشە بۆ لیستەکەی بکات".

فازل حەیدەر: کاتێك کەژاوەی ئۆتۆمبێلەکانی لیستی (٣١٥) تێدەپەڕێت بە شوێنێکدا خەڵك بە چەپڵەڕێزان و پەرۆشیەوە پێشوازی لێ دەکەن و، هەوڵیشمانداوە سایدێکی جادەکە بگرین تا لە سایدەکەی ترەوە ئۆتۆمبێلەکان بڕۆن و کەژاوەی ئۆتۆمبێلەکانی ئێمە (لیستی ٣١٥ی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان) هیچ کێشەیەك بۆ هاتوچۆ دروست نەکەین..

ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان لە درێژەی گفتوگۆ تایبەتیەکەیدا لەگەڵ رۆژنامەی یەکگرتوو ئاماژە بە سیمایەکی تر لە سیما شارستانییەکانی بانگەشەی لیستی (٣١٥)ی لیستی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان دەدات، لەو بارەیەوە وتی: "یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان وەك لیستێکی ئۆپۆزسیۆن زیاتر ململانێ و بانگەشەکەی لەگەڵ لیستی دەسەڵاتدایە، هەوڵی ئەوە نادات کە ریزەکانی جەماوەری ئۆپۆزسیۆن بشێوێنێت و تێك بچێت، چونکە لیستا جەماوەر بووەتە دوو بەش، جەماوەری لیستی ئۆپۆزسیۆن و جەماوەری لیستی دەسەڵات، بۆیە ئێمە وەك یەکگرتوو دەمانەوێت جەماوەر یەکدەنگ بێت بەرامبەر بە دەسەڵات، ئەوەش یەکێکە لە سیماکانی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی یەکگرتووی ئیسلامی".

(فازڵ حەیدەر) پێی وایە: "جگە لە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان کە زۆر رازین لە شێوازی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی لیستی (٣١٥)ی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، بەڵکو جەماوەریشە بەگشتی".

ئەو نموونە بەوە دەهێنێتەوە بە: "کاتێك کەژاوەی ئۆتۆمبێلەکانی لیستی (٣١٥) تێدەپەڕێت بە شوێنێکدا خەڵك بە چەپڵەڕێزان و پەرۆشیەوە پێشوازی لێ دەکەن و هەوڵیشمانداوە سایدێکی جادەکە بگرین تا لە سایدەکەی ترەوە ئۆتۆمبێلەکان بڕۆن و کەژاوەی ئۆتۆمبێلەکانی ئێمە (لیستی ٣١٥ی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان) هیچ کێشەیەك بۆ هاتوچۆ دروست نەکەین".

دەربارەی ئەو پۆستەر و نووسینانەی لیستی (٣١٥)ی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان کە لە هەفتەی رابردوودا لە لایەن چەند کەسێکی بەکرێگیراوەوە لە قەبرستان و چەند شوێنێکی تری قەدەغەکراو بەناوی یەکگرتووەوە هەڵواسرابوو و بڵاوکرابووەوە، ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی بە کاری نەیاران و رکابەرانی لیستی (٣١٥)ی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانی دەزانێت، لەو بارەیەوە بە یەکگرتووی راگەیاند: "سەبارەت بەو لافیتە و پۆستەرانەی لە قەبرستانەکان هەڵواسرابوون و بڵاوکرابوونەوە لە سلێمانی، بەڕاستی ئێمە چارەڕێ دەکەین لیستی رکابەر و دەسەڵات بۆ پۆشینی عەیب و پێشێلکاری و خروقاتەکانی خۆی لەناو جەماوەردا لیستەکانی تر بە هەر شێوەیەك بێت ناشرین بکات".

نوێنەری یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان لە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان وێرای ئاماژەدان بە کاری وەك نوێنەر لەو ئۆفیسە، دوپاتی دەکاتەوە کە تائێستا کۆمسیۆن هیچ گلەییەکی لە یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان نییە سەبارەت بە بەڕێوەچونی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان".

نوێنەرێك لە ئۆفیسی سلێمانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان رازین لە شێوازی بانگەشەکردنی لیستی (٣١٥)ی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان:

کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان زۆر رازین لە شێوازی بانگەشەکردنی لیستی (٣١٥)ی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان: بە شێوەیەکی هێمنانە و یاساییانە بانگەشە بۆ لیستەکەی (لیستی ٣١٥ی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان) دەکات.

لە لێدوانێکی تایبەت بە رۆژنامەی یەکگرتوو (نەسرەدین عومەر) نوێنەری یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان لە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان - ئۆفیسی سلێمانی، روونیکردەوە: "ئێمە وەك نوێنەری یەکگرتووی ئیسلامی لە ئۆفیسی سلێمانیی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان ئەو پێشلکاریانە کە رووەدەدن دەیکەینە نووسراوێکی رەسمی و پێشکەشی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی دەکەین، ئەوانیش بەرزی دەکەنەوە بۆ نوسینگەی بەغدا، بۆ ئەوەش ئێمە تا ئێستا چەند سکاڵایەکمان بەرزکردۆتەوە بۆ کۆمسیۆن، بەڵام تا ئێستا کۆمسیۆن وەڵامی نەداوینەتەوە کە هیچ کام لەو سکاڵایانە بە کوێ گەیشتوون".

بە هەمان شێوە ئەو نوێنەرەی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان لە ئۆفیسی سلێمانیی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان ئاماژەیدا: "بۆ نموونە ئەوان بە جلی ئاسایشەوە دەچن لافیتە و پۆستەرەکانی یەکگرتوو لێدەکەنەوە".

هەروەها وتی: "هەندێك جار ئەوان شکایەتیان لە ئێمە کردووە، بۆ نموونە هەندێك جار لایەنگرێکی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان بە پەمپ لە دیوارێکی نوسیبێت بژی لیستی (٣١٥)، لە کاتێکدا کردنی ئەو جۆرە کارانە فەرمانی سەرکردایەتی و حیزب نییە. دەکرێت لایەنگرێك ئەو کارەی کردبێت یاخود کەسێك بۆ ناشرینکردنی یەکگرتوو ئەو کارەی کردبێت! ئێمە چووین بە دەمیەوە و سرپومانەتەوە".

(نەسرەدین عومەر) ئەوەیشی خستە ڕوو: "بەهەمان شێوە ئەو لایەنانەی تریش ئاگادارکراونەتەوە کە ئەگەر لای نەبەن ئەوا تووشی غەرامە دەبن هەروەك لە هەفتەی رابردوودا کۆمسیۆن پێی وتین کە لیستێك لە لیستە کوردیەکان (١٥)ملوێن دینار غەرامەکراوە، ئیتر نەمانزانی چ لایەن و لیستێکە چونکە ناوەکەی پی رانەگەیاندین"..

نوێنەری لیستی (٣١٥)ی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان لە ئۆفیسی سلێمانیی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لە بەشێکی تری لێدوانە تایبەتیەکەیدا بۆ یەکگرتوو ئاشکرای کرد: "کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان زۆر رازین لە شێوازی بانگەشەکردنی لیستی (٣١٥)ی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، چونکە تەنها یەك جار ئاگادار کراوینەتەوە ئەویش شکلی بوو، کە ئێمە لە شوێنێك پۆستەرمان هەڵواسیبوو ئاگاداریان کردینەوە کە دەبێت لەو شوێنە لایبەرین، ئێمەش لە خێراترین کاتدا لامان برد، بۆیە تا ئێستا گلەیی قورسیان لە یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان نییە، بەپێچەوانەوە زۆر لێی رازین کە بە شێوەیەکی هێمنانە و یاساییانە بانگەشە بۆ لیستەکەی (لیستی ٣١٥ی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان) دەکات".

ناوبراو جەختیشی کردەوە: "پێش ئەوەی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان دەست پێبکات رێنماییەکانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکامان پێ گەیشت، ئێمەش دابەشمان کرد بەسەر هەموو شوێنەکاندا و، پێمان راگەیاندن پێش ئەوەی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان دەست پێبکەن بیخوێننەوە، ئەوکات بانگەشەی هەڵبژاردنەکان بەپێی ئەو یاسا و رێنماییانە بەڕێوەبەرن".

(نەسرەدین عومەر) نوێنەری یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان لە ئۆفیسی سلێمانیی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکاندا لە کۆتایی لێدوانە تایبەتیەکەی دەڵێت: "هەموو ئەو کەسانەی لافیتە و پۆستەری لیستی (٣١٥)ی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان لەو شوێنانە هەڵدەواسن کە رێگەی پێنەدراوە یاخود بە پەمپ لە دیوارەکان دەنووسن، ئەو کەسانە نەك لە ئاستی مەڵبەند و لقەکانی یەکگرتووی ئیسلامی نین بەڵکو لە ئاست ناوچەشدا نین، دەگونجێت ئەوە لایەنگرێکی یەکگرتوو بێت لە حەماسی و پەرۆشی لە خودی خۆیەوە بێت بۆ یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، چونکە بە دڵنیاییەوە یەکگرتوو رێنمایی لەو جۆرەی دەرنەکردووە و لە هەر شوێنێك پێمان زانیبێت یاخود ئاگادار کرابینەوە یەکسەر لامان بردووە".

فازڵ حەیدەر

نەسرەدین عومەر

ئێمە یەکەمجار داوامان کرد مووچەی پێشمەرگە بخرێتە ناو بودجەوە

بەرێز (سامی ئەتروشی - ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە کوتلەی یەکگرتوو و ئەندامی لیژنەی دارایی لە ئەنجوومەنی نوێنەران) لەم دیمانەیەدا باس لە گرنگترین هەڵوێست و کار و چالاکییەکانی کوتلەی یەکگرتوو لە بەغدا دەکات.

لە سەرەتای دیمانەکەماندا لەگەڵ بەرێز (سامی ئەتروشی) ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە کوتلەی یەکگرتوو، بەرێزیان باسی لە گرنگترین هەڵوێستەکانی کوتلەی یەکگرتوو کرد و دەڵێت: "لەگەڵ ئەوەدا ئێمە خاوەنی باکگراوندێکی ئیسلامیین، بەڵام سەلماندمان کە ئێمە هێزێکی نیشتمانیپەروەر و داکۆکیکاری مافەکانی گەلی کوردین، ئەمەش هەموو ئەو گومانانەی رەت کردەوە کە وا گومان دەکرا ئێمە لە هێزە عەرەبییەکانەوە نزیك ببینەوە". (سامی ئەتروشی) بە گرنگییەوە ئاماژە بە پەیوەندییەکانی کوتلەی یەکگرتوو دەکات لەگەڵ لیستی هاوپەیمانی کوردستان و دەڵێ: "هەماهەنگی و تەنسیقمان لەگەڵ لیستی هاوپەیمانی یەکێکە لە هەڵوێست و کارە گرنگەکانی کوتلەی یەکگرتوو، کە ئێمە دەستپێشخەر بووین بۆ ئەو بابەتە، بەهۆی ئەم هەماهەنگییەوە توانیمان لە زۆر بابەتی پەیوەندیدار بە مافەکانی گەلی کوردەوە هاوهەڵوێست بین و داکۆکی لە مافەکان بکەین و دەسکەوتەکان بپارێزین. لەلایەکی ترەوە بەهۆی ئەو باکگراونده ئیسلامییەی یەکگرتوو هەیەتی توانیمان زیاتر ئیقناع بە لایەنەکانی تر بکەین بۆ ئەوەی دان بە کێشەی کورددا بنێن و بزانن کە یەکگرتوو لە رووی شەرعییەوە نەك تەنها قەومی داکۆکی لە مافەکانی کورد دەکات".

ئەو ئەندام پەرلەمانەی یەکگرتوو لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق تەئکید لەوە دەکاتەوە کە "بەشداری ئێمە لە لیژنەکانی (یاسا، دارایی، ماف، رێکخراوە مەدەنییەکان) و سەرۆکایەتی لیژنەی شەهیدان و زیندانە سیاسییەکان رادەی چالاکی لیستەکەمان و ئەندامەکانی بۆ هاوڵاتیان و سەرجەم لایەنەکانی سەلماندووە، کە هەمیشە بەرگری لە مافەکانی گەلی کورد کردووە و هەرگیز سازشی نەکردووە". لە هەمان کاتدا سامی ئەتروشی رایدەگەیەنێت کە بۆ یەکەمجار دەرکیان بەوە کردووە کە لە بودجەی (٢٠٠٩)دا ئاماژە بە مووچەی پێشمەرگە نەکراوە، وەکو دەڵێت: "لە دوای ئەوەی رەشنووسی پرۆژەی بودجە لە وەزارەتی دارایی و ئەنجوومەنی وەزیران ئامادەکرا و پێشکەش بە ئەنجوومەنی نوێنەران کرا و خوێندنەوەی یەکەم کرا، بەڵام هیچیەك لە ئەندامانی کورد لەو ناوەندانەدا هەستیان بەوە نەکردبوو کە باس لە مووچەی پێشمەرگە نەکراوە لە بودجەدا. ئەوەبوو لە دانیشتنێکی هاوبەشی کوتلەی یەکگرتوو و هاوپەیمانی کوردستاندا، بە شایەدی هەموو ئەندامان، ئێمە یەکەم کەس بووین کە باسمان لەو خەڵەلە کرد کە لە بودجەی (٢٠٠٩)دا هەیە و داوامان کرد کە مووچەی پێشمەرگە لە بودجەدا تەسبیت بکرێت. ئەمەو هەر لە رەشنووسی بودجەدا باس لە مەوزوعی برینی پارە کرابوو بەهۆی دەرنەهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستان، هاوپەیمانی شاهیدن کە ئێمە لەو بابەتە ئاگادارمان کردوونەتەوە لەو بارەیەوە". هەروەها ئاماژە بەوە دەدات: "هەمیشە پشتگیرمان کردووە لە تەسبیت کردنی (١٧٪)ی بودجە بۆ هەرێمی کوردستان".

لە لایەکی ترەوە (سامی ئەتروشی) ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران لە کوتلەی یەکگرتوو رایگەیاند: "رۆڵی گرنگمان گێراوە بۆ ئەوەی بنەماڵەی شەهیدان و ئەنفال و تەنانەت زیندانە سیاسییەکان ئاگاداربکەینەوە لە رێژەی راستەقینەی مووچەکانیان و داکۆکیمان کردووە لە مافەکانیان. بەم دواییانەش دەستەی داکۆکیکردن لە مافی زیندانە سیاسییەکان دەستخۆشیان لە (د. محەمەد) کرد بۆ هەوڵ و لێبڕانی بەرێزیان". (سامی ئەتروشی) لەبارەی یاسای هەڵبژاردنەکانەوە دەڵێت: "ئێمە بەهۆی ئەوەی قەناعەتمان وابوو کە رێژەی کورسییەکانی کورد کەمە بۆ بەغدا بۆیە قبووڵمان نەکرد و دانیشتنەکامان بایکۆت کرد". لە هەمان کاتدا ئاماژە بەوە دەدات: "بە شایەدی بەشداربوونی موئتەمەر و کۆبوونەوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان کوتلەی یەکگرتوو بەردەوام هەوڵیداوە وێنەی کورد بە وڵاتانی دەرەوە نیشان بدات و پشتگیری لە مافەکانی کورد بکەین".

(سامی ئەتروشی) لە کوتلەی یەکگرتوو پێشبینی ئەوە دەکات کورد پۆستی سیادی بەربکەوێت، وەکو ئاماژەی پێدەدات: "رێژەی کورد لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە موعاهدەلەی سیاسی ژمارەیەکی قورسە و بەبێ کورد ناتوانرێت هیچ حکومەتێك پێکبهێنرێت، وەکو ئاماژەم پێداوە لە پێشووتریشدا کورد وەکو رێژەی نەگۆڕ وایە، بۆیە لەو بڕوایەدام کورد پۆستی سیادی وەردەگرێت". بەڵام لە هەمان کاتدا ئەو ئەندامەی کوتلەی یەکگرتوو لە ئەنجوومەنی نوێنەران تەئکید لەوە دەکاتەوە: "یەکەم مەرجی کورد بۆ بەشداری لە حکومەتی ئایندە دەبێت جێبەجێ کردنی مادەی (١٤٠) بێت". لەگەڵ ئەوەدا دەڵێت: "هەرچەندە موتەفائیل نین بەوەی ئەو مادەیە جێبەجێ بکرێت، چونکە ئەم بابەتە کراوەتە کێشەیەکی نێودەوڵەتی و لایەنەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و سەرەوە لەگەڵ ئەوەدانین جێبەجێ بکرێت و بەرژەوەندییان لەوەدا نییە، بەڵام دەبێت ئێمە بەجیدی کاری بۆ بکەین".

ئەو ئەندامەی ئەنجوومەنی نوێنەران پێشنیار دەکات بۆ کاندیدە نوێیەکانی لیستی (٣١٥)ی یەکگرتوو کە "دەبێت کاندیدەکانی یەکگرتوو بزانن موحامی کوردن لە بەغدا و لە ئاست متمانە و دەنگی هاوڵاتیاندا بن. ئەمجارە دەنگدان بەشێوازێك لە شێوازەکان کراوەیە و بۆیەشە خەڵکی دەنگ بە شەخس دەدەن، بۆیە دەبێت ئەو کەسانە لە ئاست متمانەی هاوڵاتیاندا بن".

(سامی ئەتروشی) ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران لە کوتلەی یەکگرتوو سەبارەت بە دەنگدان و هەڵبژاردنەکانی ئایندە بە هاوڵاتیان دەڵێت: "زۆرجار ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەر ع باس دەکەین (کلکم راع و کلکم مسؤل عن رعیتە) کە ئەم دەسەڵاتە هەر لە باوك و دایکەوە تا دەگاتە دەسەڵاتدارانی تر دەست پێدەکات، بەڵام دەبێت بزانین کە لە رۆژی هەڵبژاردندا لە (٣/٧) خەڵك خۆی بەرپرسە و خۆی بەو ئیمزا و دەنگی بریار دەدات، بۆیە پێویستە بەرپرسانە دەنگ بدەن و بزانن چۆن و بۆ کێ دەنگ دەدەن".